بەنێوی خودا

# پرێسکەی بڵاو

کورتەشێعر

# پرێسکەی بڵاو

## کورتەشێعر

مریەم ئاباریان

(تەنیا)

١٣٩٩

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | |
| عنوان و نام پدیدآور | : | |
| مشخصات نشر | : | |
| مشخصات ظاهری | : | |
| شابک | : | |
| وضعیت فهرست نویسی | : | |
| یادداشت | : | |
| موضوع | : | |
| رده بندی کنگره | : | |
| رده بندی دیویی | : | |
| شماره کتابشناسی ملی | : | |

ناوی کتێب: **پرێسکەی بڵاو**

نووسەر: **مریەم ئاباریان**

دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ: **ئاوات حەکیمزادە**

ئینتشارات: **ژیر، مەهاباد، شەقامی مزگەوتی سوور، پاساژی میدیا، پلاک ۲۲۱**

**۰۹۱۴۶۷۳۳۸۸۴**

چاپی یەکەم: **۱۳۹۹**ـ تیراژ: **۱۰۰۰**

## پێشکەشە بە:

- ❖ تەواوی ئەو کەسانەی کە هەریەکەو مۆمێکیان لەژیانم داگیرساند، ئەو پەپوولانەی هەموو وەرزەکانی ساڵ گوڵ بۆیان چرۆ دەکات و دەپشکوێ بە پێکەنینەکانیان شادترینم و بە تووڕەیەکانیان ئاڵۆزترین...

- ❖ **کەوین مەهاباد، «مرکز نگهداری و توانبخشی شبانەروزی معلولین ذهنی»**

# پێرست

پێشەکی .................... ١١
ڕمان .................... ١٧
هەندەسەی ون بوون .................... ١٨
کامێرای شاراوە .................... ٢٠
ژیان .................... ٢٢
مەرگ .................... ٢٥
بسکی شێعر .................... ٢٦
ئاشتیخواز .................... ٢٨
بگەڕێوە .................... ٢٩
ناخ .................... ٣١
ئەژنۆی خەم .................... ٣٣
دایکم .................... ٣٤
بگۆڕن .................... ٣٥
گرێ پووچکە .................... ٣٦
با بڕازێنمەوە .................... ٣٧
گراویەکەم نامێهرەبان! .................... ٣٨
بوو بە... .................... ٣٩
برووسکی مەوداشکێن .................... ٤٠
شێعرەخان! .................... ٤١
سێو .................... ٤٢
کە بەهار دێ .................... ٤٣
کاسم .................... ٤٤

نویٚ بوونەوە ........................................ ٤٥
ژانی گەرم ........................................ ٤٦
دوورمانی دڵ........................................ ٤٧
فڕین ........................................ ٤٨
نائارامیم........................................ ٥٠
هەڵدەچنم ........................................ ٥٣
کۆرپەی دڵ ........................................ ٥٧
ئاویٚزانتم! ........................................ ٥٨
ئەی یار؟ ........................................ ٦٠
دۆڕانیم ........................................ ٦٢
قەفەس ........................................ ٦٣
هەڵمواسە........................................ ٦٤
قوربانگاە ........................................ ٦٥
هەینی ........................................ ٦٦
پیٚداگری ........................................ ٦٧
نویٚکردنەوە ........................................ ٦٨
ڕشانەوە........................................ ٦٩
حەقیقەت ........................................ ٧٠
تاااااا؟؟؟ ........................................ ٧٢
دەکولیٚمەوە ........................................ ٧٤
کاتیٚک تۆ نی ........................................ ٧٥
سکالاٚ........................................ ٧٦
نەم کەم دەبیٚ و ...!........................................ ٧٧
پیٚم دەزانن؟ ........................................ ٧٨

دەتریقێمەوە ........................................................ ٧٩
لێڵ ........................................................ ٨١
شێعر و ویستی دایکم! [فولکلۆر] ........................................ ٨٣
پێوانە ........................................................ ٨٤
لە دایک بوون ........................................................ ٨٥
من و شار ........................................................ ٨٦
شاگەشکە ........................................................ ٨٧
کاتژمێر ........................................................ ٨٨
وێنەکانم بنێژە! ........................................................ ٩٠
ماچ لە لێوم دەترازێ ........................................................ ٩١
ئاااای خەو ........................................................ ٩٥
بە زمانی "با" ........................................................ ٩٦
پاییزێکی داخراوە ........................................................ ٩٨
خەم ........................................................ ١٠٠
واژۆ ........................................................ ١٠١
دیدار ........................................................ ١٠٢
من و تۆ ........................................................ ١٠٤
رۆژی خۆشەویستی ........................................................ ١٠٦
پیرۆزترین نزام ........................................................ ١٠٨
یاسای بێ خەوی ........................................................ ١٠٩
درێژترین شێعر بۆخۆم! ........................................................ ١١٠
دەسنوێژ ........................................................ ١١١
تۆ ........................................................ ١١٢
ڕۆژووی بێدەنگیت ........................................................ ١١٣

زویر بە ........................................۱۱۴
ئارام بدوێ ........................................۱۱۵
هەسارەیەک لە ترپەی دڵ ........................................۱۱۶
خۆشەویستی ........................................۱۱۷
ماڵئاویی ........................................۱۱۸
دوورەپەرێز ........................................۱۱۹
خەمسارد ........................................۱۲۰
پیاسەکانم ........................................۱۲۱
دۆڕان ........................................۱۲۲
وێرانی ........................................۱۲۳
بۆ بابم ........................................۱۲۴
بیانوو ........................................۱۲۵
شێعرێکی بە ڕۆژ بۆخۆم ! ........................................۱۲۶
ئێش ........................................۱۲۷
تاسە ........................................۱۲۸
پێوانەیەک ........................................۱۲۹
خولیا ........................................۱۳۰
شەو ........................................۱۳۱
دیاری ........................................۱۳۲
شیعر و ویستی دایکم ........................................۱۳۳
پەل مەکوتە ........................................۱۳۴



# پێشەکی

کۆمەڵە شێعری بەردەست یەکەم ئەزموونی شێعری مریەم ئاباریانە. ئەوەی شاعیر لەو کۆمەڵە شێعرەدا و بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهاتەی زمانی کوردی پەیڕەوی دەکات کەڵک وەرگرتنە لە چەندین بنەما و تووخمەکانی زمانی کوردی بۆ فەراهەم کردنی کەش و هەوایەکی شێعری. هەر وەک باوە پێکهاتەی شێعری و ئەزموونەکانی لە زۆربەی زمانەکانی جهان بە پێی نزیک بوونەوە لە قوتبی ئیستعاری زمانی پێک دێن. کەڵک وەرگرتن لە قوتبی ئیستعاری زمان دۆخێک بۆ شاعیر دێنێتە ئاراوە تا زیاتر تووخمگەلێکی تایبەتی زمانی کەڵک وەرگیرێن، وەک وێچووواندن، ئیستعارە، کنایە، ئیهام و ئیبهام.

لەولایشەوە بۆ ئەوەی بەیانێکی شاعیرانە و بەرجەستە کراو ڕوو بدات کۆمەڵێک تکنیکی نووسین لەو شێعرانە دا بە کار دەهێندرێن، وەک کەڵک وەرگرتن لە زمانی فۆلکلۆر، توشەخووس پێدەری، واج ئارایی و جیناس.

هاوتەریب لە گەڵ ئەو شێوە کەڵک وەرگرتنـە لـە زمـان، ئێمـە لـە گـەڵ بـەیانێکی ژنانـەش بـەرەوڕووین ئـەو بەیانـەی جهـان لـە تێڕوانینـی ژنـەوە دەبینێتـەوە یـا ئـەوەی کـە شـاعیر جەسـتە ژن دەکـات بـە نیشـانە، ئـەو نشانەیەی حەولی ئەوەیەتی پاشەکشێ بە تابۆکان بکات، ئـەوەی تـا چەنـد ساڵ لەوە پێش نمایشەکەی لە گوتاری ژنانە ناجایز و ناشایسـت بـوو ئـەوڕۆ دەبێتە پاڕادایمی جۆری نووسینی ژنان. ژن لـە ڕێگـەی بـە نیشـانە کردنـی جەستەی خۆی بە جۆرێک دۆخـی بـەرەنگاری کۆمەڵایـەتی پێـک دێنێـت. تێکەڵ کردنی مەنزەری ژنانە و کەڵک وەرگرتن لە بە نیشانە کردنی جەستە وا دەکـات شـاعیری ئـەو شـێعرانە ڕەگەزەکـەی لـە تـوێی دەقەکانـەوە بە دیار بکەوێ.

«مەمنوون بە ناسینم بە
دایکت نیم
لە پاش دوو ساڵ داترِنم لە بەرۆکم
تۆزێ ژیر بە
هەمووی تەمەن لە مەمکت ناکەمەوە»

ژینگە و ئەزموونی ژیندراوی شاعیر لە تـوێی هـەر یـەک لـە شـێعرەکان خۆی دەردەخات. ئەوەی کە ئێمەی کورد بە کۆمەڵێک داب و نەریتەوە کـە پێوەی گرێدراوین پرسی ئەدەب دەکەین بە بابەتێک تا ژیانی خۆمانی تێدا بنوێنینــەوە، نیشــاندەری هــەبوونی دەلاقەگەلێکــە بــۆ خۆگێڕانــەوەیی و وەدەرخستنی خواست و پرسە دەروونییەکان. ئەگەر چی بەرساختی زمانی ئـەدەبی پێکهـاتووە لـە کۆمـەڵێک بابـەت کـە مێژوویـەکی دیـاری هەیـە و

ئەدەبی ئێمەی پێکهێناوە، بەڵام ئەو بەرساختە کۆمەڵایەتییە لە ڕەوایی بەخشین بە دەنگی ژن و دەقی ژنانە ئەو کارتێکەرییەی نەبووە تا فەراهەم کەری زمانێکی دیار و بەرجەستە کراوەی ژنانە نووسی بێ.

نەریت، بنەماڵە، پرسی ئەخلاق و عەیبە و نەبوونی دەقگەلێک کە فۆرمێکی دیاریکراو پێشکەشی ژنانە نووسی بکات، ئەوانە وایان کردووە کاری ئەدەبی لە لای ژنان دژوارتر بێت و ئەو چەمک و دەستەواژانەی ئەوان دەتوانن خۆی تێدا ببینەوە و بگێڕنەوە کەمتر بێت. ئەگەرچی ئەو کەمایەسییە لە نێو ئێمەی کورد دا بەدی دەکرێت، ئەوەش دەخوازێ خاتوونانی کورد لە نووسین دا زۆر شێلگیرانەتر پرسی ئەدەب تاووتوێ بکەن.

مریەم ئاباریان حەولی داوە بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی تەنیایی جهانێک بگێڕێتەوە کە شاعیر ئەزموونەکان پێشانی بەردەنگ دەدات، تەنیایی وەهمێک نییە کە ئیتر لەبەری هەڵبێ، ئەو ئەو تەنیاییە دەکاتە دەرفەتێک بۆ خولقاندن. ئەو شەبەح و وەهمە وەک چەمکێکی تایبەت بە خۆی پەروەردە دەکات، بۆعدی دەداتێیە و بەرجەستەسازی پێویستی بۆ ئەنجام دەدات.

«ئەژنۆی خەمم لە ئامێز
هەنگاوێکی بێ بڕست
نیگایەکی چۆل لە خۆشەویستی
شار و ژانی زستان و بەفر

کاتێ بەژنی پاییزم
کەوتە ئامێزێ تەنیایی»

«لە ئاسۆی چاوەڕوانی داگیرساوم
دووپات دەبمەوە لە نێو خەم
نیگام قڕ بوو
فرمێسک قاقڕ
درەنگ هاتی ئازیزەکەم
هەرچی سوێرایی چاوم بوو
بە بەژنم دا ڕژا
ئای چەندە تامەزرۆی بینینتم [مەرگ]!»

«نهێنی‌ترین دۆڕانی دڵم
پەنجەرە شکاوەکەی ژوورەکەم
قاتێک تەنیایی و پیاااااسەیەک پشت سەری
باران ... .
کات کات خاتوون
کات»

هەر وەک لەو چەند نمونەیە دا دەردەکەوێ تەنیایی دەبێتە دەرفەتێک بۆ خۆگێڕانەوەیی.

زۆربەی شێعرەکانی ئەو دەفتەرە لە چاوەڕوانی و یا وتوویژ لە گەڵ بەردەنگێکن کە دەتوانین نێوی بیسەری گێڕانەوە (روایت شنو) یا بەردەنگی تایبەتی بۆ دیاری بکەین. بیسەری گێڕانەوە لە تۆی ئەو

شێعرانەدا بە جێ ناوی تۆی ئاشکرا و شاراوە خۆی نمایش دەدات. ئەوەش پێکهێنەری دۆخێکە کە هاوکات لە گەڵ بەرەوپێش بردنی خوێندنەوەکانی خۆمان دلسۆزی، هاودەردی و هاوڕەگەز پێنداری لە گەڵ شاعیر دەکەین، بەو شێوەیە دەتوانین ئاستی کارتێکەری ڕەوانناسانەی دەقەکان بە سەر بەردەنگ دا هەڵسەنگێنین.

«دەمهەوێ ورد بنووسم بنووسم و ورد بدوێم و ورد بگرێم
بگرێم و ورد...
کەس شاعیرێک پێدەزانێ لە خۆی بدوێ؟ لە دەرد بدوێ؟
بنووسێ و بدوێ؟ بدوێ و بگرێ؟
بگرێ و ورد بێ؟
پێدەزانێ؟»

بۆ نموونە لەو شێعرەدا بۆ ئەوەی زیاترین ئاستی کارتێکەری ڕەوانناسانەی هەبێ، شاعیر هەموو خوێنەرانی خۆی دەکاتە بەردەنگی تایبەت و جۆری ویستەکەی لە سەتحی بەردەنگی گشتی دا بەیان دەکات، هەرچەند لە گەڵ ئەوەی ئێمەی خوێنەر، بۆ ساتێک دەبینە بەردەنگی تایبەتی ئەو شێعرە بەڵام هەست بەوە دەکەین کە دیسان بەردەنگێکی تایبەتتری شاراوەش حزووری هەیە. بنەمای هاودەردی و لێ تێگەیشتنی ئێمە لەو شێعرە بەردەنگێکە کە زۆربەمان وەک دابەش کردنی ژیان، هاوبەش کردنی بیر و بۆچوون و دەرکی بەرانبەر بە پێویستی دەزانین، ئاواش شاعیر هاوڕێیەتی و هاودڵی ئێمە بۆ خوێندنەوە و درێژە پێدانی دەقەکان مسۆگەر دەکات.

**جەلال پوورحەسەن**

# ڕمان

**پێش بە سیس بوونم بگرە**

**با نەژاکێن ماچەکان**

**نەمرن هەستەکان**

**ئەوە بەفرە ساردەکەی یەکەم ڕۆژی زستان نییە**

**منێکە پڕ لە بێتۆیی دادەبارم**

**هەڵدەوەرم**

**مەهێڵە سیس بم مەهێڵە...**

# هەندەسەی ون بوون

لێکدانەوەم ناکرێ

هەندەسەی ون بووی جەستەم

حەوشەی تۆبەکارێکە

دوو سێرامێک و چرا سوورێکم و نە

سووتیانێکم پازێڵەکە تەواو دەکا

کەچی چرای سوورم بە هەزار گمە گمیش ناکوترێ

فڕینم بە شاباڵێکەوە لکاوە

لە دەروازەی حەوشە

قرتاوە

**سەرم لە چوون و نەچوون تێدا ماوە**

**هەر شەو لە پازێڵدا تەواو و**

**لە سەرهەڵدانی**

**لێرەدا بە دۆعای پیاوچاکان بم**

**بەڵکوو دەستەکانی لێم بەجێ بمێنێ!**

# کامێرای شاراوە

ئێوارەیە  پەمووی پڕتەقاڵی هەتاو

بەل گۆزەشانێ

دەقبازی دەقم پەڕان پەڕان

تەڕ خووسا!

دەفی ژەم، ژەمی دەروێش

بازنە کۆتی خرخاڵی

دەلا دەلا دەلا دەلا!

ئەشکپۆش

گەشی گەردوون پۆیلە ئەکا..

**بە چواردەی مانگت قەسەم دەنا مانگ چواردەیە**

**بە پیرۆز چوو لە ناکاوێک**

**وەک لە ناوەڕاستی ئۆتۆبانێک شێتێ سەرچۆپی گرتبێ**

**و کەرێکیش جنە!**

# ژیان

دڵداریمان چیرۆکێکە

بێ کۆتایی

ئێستاش دەنگی لەگوێچکەما

من و تۆ و ژیانێکی پڕ کارەسات

دابڕان و لێک ترازان

سەرەتایەکی بێ ئەنجام

لەو ڕۆژەوە بوو بە شوێنی دابڕان

ژیان دۆڕاین!

**لە بیرت دێ وێنەی جانتاکەم بۆ ناردی**

**مانای سەفەرت نەزانی!؟**

**دوو شت لە بوخچەی**

**ماڵئاواییما جێ مابوو!؟**

**ـ دا پێم بڵێ من لەو ڕازەی تۆ تێناگەم...**

**یەکەم وێنەی خۆت و تارایەکی سوور**

**دووهەم جلکی سپی بووکێنی!**

**بۆ نەتبردوون گیانی گیانان!؟**

**وتم گوڵم: ئەو وێنەیە سوێندی ئەوینی نەمرە**

**دڵم تێیدا بەجێ ماوە**

**جلکە سپێکەی بووکێنیم**

**تەنیا داواکەی بابم بوو**

**وتی: بە جلکی سپی مەرگەوە**

**بگەڕێوە**

**گەڕامەوە و نەمتوانی بەر لە مردنم**

**سپی پۆش بم**

**بابم دەڵێ :بەم ناوەختە سەفەر مەکە**

**لە خۆت و ژیان**

**زستان دووپات دەبێتەوە...**

# مەرگ

له ئاسۆی چاوەڕوانی داگیرساوم

دووپات دەبمەوە لە نێو خەم

نیگام قڕ بوو

فرمێسک قاقڕ

درەنگ هاتی ئازیزەکەم

هەرچی سوێراوی چاوم بوو

بە بەژنم دا ڕژا

ئای! چەند تامەزرۆی بینینتم

مەرگ!

# بسکی شێعر

**لەو قەڵایەی بۆتە بوونم**

**لە ژوورەکەی تاکە کەسیم**

**لێوڕێژی هەزاران شوێنە**

**لە هەر شوێنێ یادێکی تۆ**

**و بۆن و هەستت شاراوەیە**

**وشەکان سەیری پێنووسی زیز دەکەن**

**وا خەریکە بەئەسپایی ناوت دێنمە سەر لێوانم**

**شێعرەکانم وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ کۆ دەبنەوە**

**ڕێ دەکەون بەرەو ڕستە**

**خۆیان ئەدەن بەدەستەوە**

**نەرم نەرم دایدەهێنم**

**لە قەترانی کەزی شێعرم**

**ناوت دێنم...**

**هۆنراوەکان چەندە سەیرن**

**پێیان وایە بسکی شێعر**

**بێ تۆ چلۆن شانە دەکرێ؟**

# ئاشتیخواز

پەردەی شەو لادەن

سەیرکەن

ئاشتیخوازترین هاوڕێ

چاوەڕوانی دۆعایەک

بۆ زیندووبوونەوەی

چەند چرکەی مردوو دەکات!

# بگەڕێوە

هەموو شەوێ

سینەی دەرگایەک دەکوتم

ژەنگاوی

پێ بەندی قفڵێک

من هێشتا لەسەر مێزی بووکێنیم

سەیری شەربەتە دوو ڕەنگەکەی

هەرەتی جوانیم دەکەم

کە ژوورێک لێوڕێژی بێتۆیی

دیوارە تۆز گرتوەکان

**تەونی جاڵجاڵۆکە دایپۆشیوە**

**چەند دڵتەنگی تۆم**

**چەپکە گوڵی ئەوین**

**لە سەرابیترین کاتی...      ویشک دەبێ**

**نازانی چەند بیرت دەکەم**

**ئەگەر هات و گەڕایەوە**

**خۆت دارِنە**

**بە بزەیەک بگەڕێوە**

**کە حەز دەکەم بۆ یەکەم جار**

**بزەی خۆت بێ**

# ناخ

که سەیرت دەکەم

پڕم دەکا

له قڵپێ خوێن و وشەی گریان

سەیرت دەمبااااا

بۆ نادیار

گەرووم توونت بووە

خەریکە بە هێڵنجێ هەموو ژیان بڕشێمەوە

سەیرت جارجار شەرمن و هێدی

زۆر جاریش لێم زویر و تووڕەیە

**دڵم دەکەوێتە جەغزی ئاگری ژانێکەوە**

**لەناو تۆ دا جێ دەمێنم**

**بڕوا دەکەی ئیتر بەرگە نەگرم؟**

**نە تینی سووتانی نیگات**

**نە سارد وسڕی جێ هێشتنم**

**زستانێکە بێ کۆتایی**

**ڕۆح و جەستەی لە خۆ گرتووم**

**بگەڕێوە ئازیزەکەم**

**با دوا بڕیارمان**

**من لە تۆدا جێ دەمێنم**

**تۆ لە ناخم بمێنەوە!**

# ئەژنۆی خەم

ئەژنۆی خەمم لە ئامێز

هەنگاوێکی بێ بڕست

نیگایەکی چۆڵ لە خۆشەویستی

شار و ژانی زستان و بەفر

کاتێ بەژنی پاییزم

کەوتە ئامێزێ تەنیایی

# دایکم

**دایکم بۆتە باجگر و هەموو ڕۆژێ**

**شیری مەمکم حەرامت بێ!**

**بڵێ باشم**

**ئەرێ دایکە!**

**ئە**

**من**

**با**

**شم!**

# بگۆڕن

جێگای ڕەنگەکان بگۆڕن

شێعرە نادیارەکان.... سوور

جەستە خوێناوێکان.... سپی

خەونە بێڕەنگەکان.... سەوز

هەورە چڵکنەکان لادەن

ژیان خۆرهەڵاتی مەبەستە

# گرێ پووچکە

**من، تەنیا ڕێبواری شەوبڕ**

**شەقام چ شەقام**

**کۆڵان چ کۆڵان**

**شوێن بەدوای شوێن**

**ڕاوم دەنێن**

**گرێپووچکەی چاوانی تۆ!**

# با بڕازێنمەوە...

**با بڕازێنمەوە چەپکە گوڵی وڵاتی گەرمێن**

**بۆ قەرەبووی دوێنێی لەبیر چووەکان؟**

**دوو کات هاتت پیرۆز بێ**

**سەرت سڵامەت و مێژووت درێژ  تۆ هەر ڕێگر بە!**

# گراویەکەم نامێهرەبان!

چوارچێوەیەکی دەسکردی دارینم

لە دەور دڵت گەڕاوم

چەندی سارد بی

بە فرمێسکان تەڕتر دەبم

و تەنگترت ڕادەگرم

# بوو بە...

**بوو بە پەیکەرەی هێور بوون**

**لە لاپەڕەی ڕوحی ماندووم**

**پێم وابوو دوایین نیگا بێ**

**بەڵام نا نا**

**تاسە و حەزی تەمەنێک**

**شڵەژان و بێئۆقرەیی  هەمووی**

**ژینم لە کۆڵ دەنێ!**

# برووسکی مەوداشکێن

به شنەشنی شەماڵێک ڕادەبوورم

بە نمەنمەی باران دەلاوێمەوە

عەشق مەودایەکە تا

تۆ

تۆش پیرۆز و پڕ یادەوەری تا

هەبوون!

هەبووون؟

دووری زەوی تا حەوتەمین نهۆمی ئاسمان

خۆشەویستی تۆش

تیشکی پڕ برووسکەی مەوداشکێنی ئەستێرە بێئۆقرەکان

ژانن لەسەر سینگی ڕەشی شـــــەو!

# شێعرەخان!

له ئامێزت بترازێم

دەستێ شک نابەم زووڵفەکانم بۆ شانەکات و

گەرم گەرم میوانم کات

بۆ خۆشترین ماچی لێو و ئەویندارترین خەو!!!

له مەستترین کاتی ژیان و

خومارترین ساتەکان

دەستم بگرە

مەستی و خوماریم بڕەوێنە

تۆ هاوڕێی ساتەکانی تەنیاییمی

شێعرە خان!!

# سێو

**بۆنت لە بۆنی**

**ئەو سێوە دەچێ**

**کە خوا بیانووی**

**بە حەوا گرت!**

❋

**کۆڵان بەکۆڵانی شار**

**بێ چرا دەپێوێ**

**ئەوە سۆز و سووتانی ئەستێرەکانە**

**شەو ڕەش دەنەخشێنێ**

# کە بەهار دێ

کە بەهار دێ

چەپک چەپک گۆرانی و گوڵە ماچ

سرووشت: سەوز سوور پەمەیی

ڕەنگاڵە ژین

دەنەخشێنێ

دەشت و دەر دەژێتەوە...

لە حەرامترین تاسەکانی

ژنێک لە نێوان فرمێسک و خەما

# کاسم

**کاسی کاسم و کاسەی سەرم**

**گەرم گەرم دەتوێتەوە**

**بەسەر شەقترین بڕیاری دڵم**

**بەهار و گزنگی بەربەیان**

**ڕۆژێکی نوێ**

**تۆ نەهاتی**

**لە شەستەبارانی خۆشەویستی**

**چاوەڕوانیت تەڕم دەکا**

**دوور لە ئاسۆ بڕوانە**

**مانەوەت هەوێنی بارانە**

**بمێنە تۆ بمێنە...**

# نوێ بوونەوە

**بەیانییە من سەرسامم**

**ڕۆژ نوێیە و ڕۆژوو لە نوێ**

**من لە پێکڕاوترین سەر هەڵدانی خۆر**

**بەر لە هەموو بوونەوەرێک**

**دابڕاوی خەوم**

**خۆم نااا**

**خەم لە نوێیە و ژان لە نوێ!**

# ژانی گەرم

**لە ناخمدا بەفرێک دەژیت**

**هەموو ڕۆژێ**

**خەونی سەوز دەبینێ**

**یادی مێلاقە دەکات و**

**ڕوومەتی سپی لە تیشکی**

**خۆر**

**دەخشێنێت!**

# دوورمانی دڵ

**پەردەی ناسک حەریری...؟**

**ئەم شەو تا ڕۆژ باشی کازیوە**

**وێنەی چاوی تۆی**

**لە سەر خۆی هەڵکەنی**

**دڵم!**

# فڕین

**لە سەرەتای ئەوینێکی نامۆ**

**تەختەکلیلی نیگاتم لەسەر پانتای دڵم دابەزاند**

**پەنجەتم لەپەنجەم تووند کرد**

**ئەڵقەی تەلیسماویترین ژینم فڕێدا**

**هێدی هێدی ڕۆچوومە نێو گۆمی مەندی خەیاڵەوە**

**نوقم بوومە ئۆقیانووسی نیگایەکدا**

**بوێرانە خۆم بە شەپۆلە تۆڕەکانی دەریا سپارد**

**کەچی نە من مەلەوانێکی لێهاتووم و**

**نە تۆش ماسێ سوورەکەی دەریا**

**بۆ ئەوەی کە بتدۆزمەوە:**

**لە دوورترین قووڵایی ئاسمانەوە سەیر دەکەی**

**بەڵێ لە قافەکەی کەس پێهەڵنەچوو**

**من، من تازە زانیم**

**دەبێ باڵ بگرم بەرزەفڕ بم**

**کە ژیان هەمووووووی هەر**

**فـــــــــــڕینە!**

# نائارامیم

ڕۆژ لە گەرووی شەودا

دەستەوداوێنی مەرگ دەبێ

منیش بۆ خەونێک بوون

بەرۆکی شەو دادەڕنم و...

هەتا ئێرە حەز بەهێمنیم

لە هەرچی وشەیە ماڵئاوا!

هەتا ئێرە واز لە حولەمەرەسی چرکە گەڕیدەکانی چی کاتژمێرە

حەز دەکەم ڕەکێشم کەنە دەم نزاکانی دایکم و

هەنگاوێک ئەولای‌ترین تاڵەکانی بێ هیوایی

بە مۆمێکی حونجاو لە ئێنجانە شووشەیەکی بەستراو کە

**دوای هەرتوانەوەیەک**

**سەرهەڵدانەوەیەکی نوێ...**

**فینجانێک قاوەی خەست**

**ئێوارەیەکی شێتی شێت**

**شار هەستی پێڵاوە ماندووەکان ڕادەگرێ**

**لە دووهەم نهۆمی شار**

**دەست و قاچم سەمای لەرزین دەکەن!**

**سەیر سایلەنتم و لە مەدارێکی کراوە**

**عەدەسی چاوەکانم پێکراوتر لەو ئامێرانەن فرمێسکی مانگ و**

**تف چاندنی خۆر دەبینن**

**بیرم ئاڵۆزکاوە چی منی منە لێم تەرەن**

**ئەوە حیکایەتی پاڕانەوەیەکە لە قووڵایی کائینات**

**سێ شەقاو ڕوو لە قیبلە دەڕۆم**

**و دەیانیش بەرەو ئورشەلیم وەستانیش**

**ڕاستە و ڕاستی فەلەستین بڵێی گیرا نەبێ؟**

**ئەوە شەرعی بێ خەوی و**

**تۆرانی ڕۆح لە مەڵبەندی جەستەی شەتەکە**

**با**

**نەگۆڕ نەبێ و لە دایکبوونم نەشاز لاپەڕەیەکی مێژوو**

**نەڕووشێنێ**

**هەزار پاتە نەبم لە نێو ئەسرینەکانی ئەنفالی سەربەمۆر!**

**و لە سەر گۆڕم بە ئاوێکی خەستی مەستەوە نەنووسرێ چ بێ**

**نیشان بوو**

**ئەو ژنەی سەودای دڵی بەسەری دەکرد**

**و ئی سەری بە ڕۆح!**

# هەڵدەچنم

به بەژنی سەرماوەزەوە هەڵدەچم

وەرزەکانم گەڕیدەیەکی نامۆن

١٤٠٠ ساڵە دەمپێون و لە نیوگەزی خوارم

چلەی تەمەن دەردەکەن

شەختە و سەخڵەتی بەفرانبارێکی قاقڕ

و پاتە بوونەوەی ڕێبەندان و ڕێبەندان!

گەردەلوولی شەشە و عەرشی خودا هەروا

بە شینی لە سەرم دەخولێتەوە

دەبا بپارێنەوە ئەستێرەکانی ئاسمانی حەوتەم و چاو بەمۆڵەق

چیتر نەوەستن

دەبا نەجریوێنن بەرلە کازیوەکان

**دەبا نەدرەوشێنەوە بەر لە شەونمی ئێنجانەکان**

**دەبا نزایەک داکەنن بەر لە مۆلیدەکانی چاوەڕوانی و کوژرانی**

**بە کۆمەڵی ئەو درەختە ڕەجاڵ و ڕووتانە ڕاگرن کەوا هەنگاوێک**

**پاییزتر دەدوێن!**

**دەناکا حاشا بکەنە من**

**منێک بەبیر باڵۆرەکانی تازیەباری دایەگەورەم!**

**کوان بەرپرسیارەکان؟**

**چەند دەترسم لەودەستانەی تاوانباربن**

**یا لەو مێژوویەی هەڵیکوتاوەتە سەر باوەڕم و جەغزی خستە**

**گلێنەی نیگاکانی دووارۆژم!**

**نەکا...نەکا...**

**من ژنانەترین ئامێزم لەوگەڵایانە وەرهێنا کە"با" بە ئۆینی بردن!**

**ئەوە ئۆینی خەنەی مەمکی دایکانی ٢٦ نەبوو بۆ هێڵەنجی**

**ڕۆڵەکانی زەردپۆش!**

**ئۆف ئۆف من چەنێ تووڕەم!**

**چەنێ توورەم لە داخ ئەو "با"یانەی کە دێن**

**کە هاتـن و هەموو شت لەگەڵ خۆ نابەن**

**خۆزگە شەقاوەی گەڕەکی خاپوور لەدووی بدا بە هەڵایێ**

**بەهەرایێ**

**دەبا ڕامالّی هەموو هاتنی بێ و شوێن پێی ئێکسپایەربکا**

**دەبا بمرێنێ هەمووو ئەو بیرەوەرییانەی لە دڵی وشەکان**

**هێلانەیان کرد و ڕستەکانیان بە سەهوو برد!**

**لە ناو قامووسێک نووسراوە:**

**قەسیدەی عەشق و نیشتمانم تێکەڵە**

**هۆۆۆۆ گەلۆۆۆۆ تازیەبارم تاسەبارم**

**هۆۆۆۆ گەلۆۆۆۆ بەرۆکی پیرەدایکانم بۆ داڕنن من دوو هەنگاوتر**

**پەشۆکاوم**

**ناتەواوترین  عەشقم چاوەڕوانی حەیرانی پیرەکچێکە دڵی**

**پێشێلی خۆشەویستی کرا**

**هۆۆۆ خاتوون لە حەیرانەکەی ئەم شەوت نێوم بگونجێنە بلێ**

**ئەوە حەیرانە حەیرانێ لە حاڵ و لە نیگایێ**

**لەو سەری سەدایێ دێ ژنێ سەری لە هەتاوێ گرێدراوە سوور**

**دەنوێت وسەوز دەپۆشێ**

**سپی دەبینێ و لە ساردترین کاتی تەمەن**

**دەتوێتەوە بەسەر شەق ترین و کاڵترین دەورانی دۆڕانێ**

**دەبا نزای بۆ بەرنە بەر چاکەسوار و پیربابایە**

**سەری چ سەودایە لە هەوران ناخولێتەوە**

**لە ئەرز وەخۆ ناکرێ؟**

**دەبا هاواری پیرە بابێکیشی لەگەڵ بێ**

**بەڵکوو سەرماوەزی بێخەتەر بێ!**

# کۆرپەی دڵ

**مەمنوون بە ناسینم بە**

**دایکت نیم**

**لە پاش دوو ساڵ داترِنم  لە بەرۆکم**

**تۆزێ ژیر بە**

**هەمووی تەمەن لە مەمکت ناکەمەوە!**

# ئاوێزانتم!

چەند ناتەرازن نیگاکانی من و

باڵای تۆ

کە من بە باڵای تۆوە چندراوم

و بێ باڵات بە باڵای هەموو بەڵایەکەوە

ئاوێزان

لە من جاڕمەدە ئەو وردە شەپۆلانەی

بەرکەنارەی هەستت نیشتەجێن

تۆفانێکم بەڕێوە مەگەر پاڕانەوەی

ساتە مردوەکانم بێنە هاوارێ

**دەنا ئەوە من و وێرانی تەواوی**

**مەڵبەندی داسەپاوی دڵ**

**و کوا کوێرەڕێیەک**

**بۆ ئارامی و ڕۆمرکان!**

# ئەی یار؟

**گەر پیت و وشەی شێعرم بە نەرم و ناسک بدوێ ودێڕێک**

**لە باڵای خۆشەویستی داگیربکە**

**گەر قەسیدەی تێم گەیێنە لە کانی و ئاو**

**لە شاخ و شار لە بەرزایی و نزم و نەوی لە گوڵ و باغ لە ڕیحانە**

**و شلێر و شەشپەڕ**

**لە هەست و سۆز لە دایک و لای لایە دەسرازە و لانک لە پەت**

**لە مل لە سێدارە لە ونبوون لە کەمبوون لە زۆۆۆر بوون لە...**

**وڵاتم بە، بۆ هەمیشە تۆ نیشتمانم بە**

**پشووی درێژی مێژووی بریندارم بە**

**گەر ئارامی ئەهوەنی زام و ئێشی دڵی پڕ لە زامم بە**

**گەر ڕۆحی خەوی سپی شەوانی پڕمەینەتی و بێدارم بە**

**ئەی یار؟**

**زامی سەر زامم**

**مەبە برین!**

# دۆڕانیم

**نهێنیترین دۆڕانی دڵم**

**پەنجەرە شکاوەکەی ژوورەکەم**

**قاتێک تەنیایی**

**و پیاااااااسەی پشت سەری**

**باران....**

**کات کات**

**خاتوون**

**کات!**

# قەفەس

**مەلی نەحەجماوی دڵم**

**شاڕەگی دەستم بڕیوە**

**درزێکم خستە جەستەی کڵۆڵم**

**هۆشت بێ کاتی فڕین**

**باڵت نەڕووشێ**

# هەڵمواسە

**لە قوژبنێکی بێدەنگی نیگات**

**بە بزمارێک هەڵمواسە**

**دەمێکە نۆتە ناسک و سێحراوێکانی**

**دەنگت  قەتیسن لێم و...**

**چاوەکانت بەشوێن غەریبەیەک وێڵن**

**وااای بۆ وێرانی چاوەکانم**

**دوای خوێندنەوەت فرمێسک و خوێن کەم دێنن!**

# قوربانگاه

له قەداسەتی عەشق

بانگهێشتی قوربانگای

ئیبراهیمم بۆ دیداری یوسفێکی غەددار!

ها ئەوە سەر و چاو و گوێچکەم

ترپەی دڵ و وردە مچوورکانم چۆن دادەڕنی؟

[چەند سەختە عەشق، چەند سەختە...]

# هەینی

چەنێ وێرانم لەو

هەینییانەی لە حەوتدا تەواون

لە   ح ە و ت!

کە هەی ی ی نین نین     نین...

لێوانلێوم لە تەعتیلات

# پێداگری

**پڕم لە دڵتەنگی**

**بێ تاقەتیم ژانی گرتووە**

**تینوویەتی پێم داگرە**

**هۆ ئەو کەسەی پڕت کردم!**

**لە تەعتیلات**

**هەناسەیەکم بۆ ببارە**

**گەرووم بووغزی چاندووە!**

# نوێکردنەوە

**وەرە پەیمان نوێ دەکەمەوە!**

**دەست ناخەمەوە ناو دەستت**

**دەتکەم بە دوایین جگەرەی وون بووی**

**لە پڕ دۆزراوەی پاڵتۆ شڕەکەم!**

**داتدەگیرسێنم و سوێند بێ**

**تەرکت کەم!**

# ڕشانەوە

**هێق دێنمەوە بەسەر ئەو ئێنجانانەی**

**بە نێوی خۆشەویستی**

**هەمووی خۆمم چاند**

**و لە**

**هەمووی خۆت**

**بە حەسرەتت ناشتم**

**دەڕشێمەوە بەسەر یەکەیەکەی ئەو ڕۆژانەی پڕ بووم لە**

**تاسەت و پڕ بووی**

**لە درۆۆۆۆۆ!**

# حەقیقەت

لە منڕا حەقیقەتی کڕنۆش

تا ئەزەلییەکانی "با"

ئەو هەنارانەی هەر شکان و سپی بوون و

هەر شکان و سپی بوون ...

و نارنجەکانیش کاڵتر

تابلۆیەکی هەڵواسراوە نیگام

لەوانە گەڕێ!!!

ڕێم لێ بگرە  ڕێبەندانە و سەر لەنوێ دامرێژەوە

بە بۆنی نارنج و بەکاتی ئێوارەکانی پڕ لە هەنار

و خەڵوەتێک لێورێژی تەنیایی

بێ ڕاچڵەکان و وەخۆ هاتنەوە

چاوم دادەخەم ڕامدەژێنێ ئەو حەسرەتانەی بە باران

دائەکەن

من و چەترەکەم وەنەوشانە ڕادەکەین!

دێمەوە نێو ڕێبەندان و...

# تاااااا؟؟؟

**لێوت لە لێوی وشەکانم نەکردەوە**

**تاااا**

**دەسنوێژی شێعرت پێ شکاندم**

**تاااا...**

**ڕستەی خۆشم دەوێی بوو بە ئاو و نان**

**بوو بە گۆرانی بۆ شەوانی ئەنگوستەچاو**

**تاااا...**

**مانگ چۆپی بۆ دەکێشام و ئەستێرەکان ڕەشبەڵەکیان بۆ دەگرتم**

تاااا

لێوت لێ نەکردەوە، نەکردەوە  ئازیزەکەم

تاااا...

لە وشە بریندارەکانم نەبووڕای و لە ئاوێنەی خاش کراوی

تەمەنی بەفیڕۆ چووم

نەپرینگایەوە

چەند پڕ تاو و بەلەز هاتی تاااا...

ئەوسای من پڕ لە چاوەڕوانی و حەز و خۆشەویستی

ئەمئێستای من پڕ لە تراویلکە و قاقای ڕەش لە پشت

سەری ئەوینێکی بێ ناو نیشان تاااا ...

# دەکولێمەوە

دەست بۆ برینانم مەبەن

خۆم لەکوڵم دەکولێمەوە

بڕیار و وادەی لە دەست چوو

ڕابردووم خوێنی لێ دەچۆڕێ

بەسەر داهاتووی کوژراوم

جارێکی تر لە نەبوون‌دا دووپات دەبمەوە

سێبەرم تەنیشتا وتەنیشت و بەرامبەرم نایە

لە پشت سەرم شانی گرتووم

ئازارێکم هەزار پاتە

چەند کز دەسووتێم

# کاتێك تۆ نی

**هەزار پەرژین و**

**سنووری دەسکرد**

**دەبڕێ چاوەڕوانیم!**

**لە خیزەرانی دڵتەنگی**

**باوەش باوەش گوڵ دەکا**

**بێ تۆییەکانم!**

**کاتێک تۆ نی...**

# سکاڵا

بەبێ ئۆقــرە لە داخانت گەڕیدە وشــێت وڕســوا خۆم
لە پێناوت هەزاران جار تکای بێ جواب و وەیلان خـۆم

دەبێ نێوم لەپاڵ نێوی خەمـــین و سووتە نـــاوان بێ
دەترســـم وا دڵم دیســـان بڵێ هەڵبەستی تەنیـا خۆم

# نەم کەم دەبێ و ...!

چرکەساتێ مژۆڵلێدانێ

بوون و یادی

لە تڵپەتڵپی دڵم و سێبەری ژوورم

نە کەم دەبێ و دەڕوا

خەم سارد!

# پێم دەزانن؟

**دەمهەوێ ورد بنووسم بنووسم  و  ورد بدوێم  بدوێم و**

**ورد بگرێم بگرێم و ورد ...**

**کەس شاعیرێک پێدەزانێ لە خۆی بدوێ؟ لە دەرد بدوێ؟**

**بنووسێ و بدوێ؟ بدوێ و بگرێ؟    بگرێ و ورد بێ؟**

**پێدەزانێ؟**

# دەتریقێمەوە

**قومێک خەمنامەی تاڵ**

**کەزی ون بووی شێعرێک**

**نووقمی خەیاڵەچیرۆکێکە خول دەخوا بەرەو  ڕۆمانێکی دڵ شووشە**

**مۆمێک لە شەودا و خۆمێک لە سێبەری دووپات!**

**بە مەودای دوو ئەنگوستم خوێن دەبارێ لە سەر مەچەکی دەستەکانت**

**سەری پەنجەم گرێ پووچکە دەکا**

**من دەمێکە   ئوولفەتی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم بۆ**

**پاکتاوی ڕەشترین جەزرەبەکان فرمێسکت کەم دێنێ**

**ئەو ساڵانەی بە حەوت مانگ لە دایک بوون ...**

**لە هۆدەی بیرەوەریما دەستێک  پڕ بە واژۆی شادەمارەکانی**

**ڕۆحم هاواردەکا...**

**سەر هەڵدەبڕم**

**دەخزێمە نێو باران و بەدەم قەتارەی "باران بارانە"ی ماملێ**

**ڕێگا دەبڕم من و تفتترین ساتەکان...**

**واز لەو دێڕە بێنن پەژیوانی یەخەی گرتووم هەنییەم**

**دەنێژمە باخەڵم لە نێو هزرەکانمدا سوێر  سوێر**

**دەتریقێمەوە!**

# لێڵ

**دەرگای سەوزی باران و ئاسمانێ پڕ چڵکە هەور**

**پیاسەکانی بێ ئۆقرەییم**

**هۆدەی لاساری شێعرە خووساوەکانم**

**سەرمگەرم نا! سەرگەرمم**

**دەخزێمە جەغزی ژان و ژوویەکی بێ کۆتایی**

**توێتوێە ڕۆحی مان گرتووم**

**دەستەکانم شەقار شەقار بوونی دڵم دادەپۆشن**

**ددان دەکرۆژێ گورگە خێوی مەڵبەندی تەنیاییم مەرگەساتی**

**هاوارەکانم بە "با" دەسپێرم !**

**تۆ بڵێی هەموو شت لە گەڵ خۆی ببا؟!**

**بە سەر قاڵیچەکەی سلێماندا سەفەر دەکەم بۆ دوور دوور**

**بێ تۆ، بێ ئەو ڕۆژانەی گوڵی یاسم لە بەرۆکت ناشت!**

**چرۆی ژیانەوەم ئازارێکە پڕ بە لقی دار بەڕووەکان**

**ئازارە هێمنەکان لە کاتژمێر هیچەوە سەر لە باسکەکانم دەردێنن**

**من بە ڕوخساری چیرۆکەکەی دایە مەمدە بە گورگی ...**

**ئەنجن ئەنجن دەبم و کوت و پڕتر لە خۆزگەی هیچ مەرگێکا**

**وێڵم کەن نانا وێڵم مەکەن بە سۆزی دارستان  بە گەزین  بە شیلانەکان**

**گەرووم تەڕکەنەوە  با چیتر زریان نەمچێنێ**

**من لە ڕەهێڵەی زامەکانم گوێ بیسی  قاقای ئەو قەلەڕەشانەم خەونەکانم لێدەدزن...**

# شێعر و ویستی دایکم! [فولکلۆر]

**لە ماڵانت بێنمەوە و لە کوڕانت بستێنمەوە و لە ماڵانت**

**بێنمەوە لە کوڕانت بستێنمەوە!**

**کوڕە گەڕیدەی کۆڵان و ماڵان هۆۆۆۆی!**

**چیتر لە خۆمم مەستێنەوە**

**چیتر...**

# پێوانە

پاییزم

بە شەم برِازێنەوە

بپێوە  بە باڵای وەرزەکان

پێوانەیەک

بێ چرام

ساڵەهاااااااااااااااااایە

# لە دایك بوون

**خشەخشی گەڵاکان ڕاتنەچڵەکێنێ پێداگرم لە چلەی**

**تەمەن**

**سی ونۆی کچۆڵانەترین شێعرمە**

**سەتڵێک ڕەنگی سەوز**

**دیاریم**

**لەو ناکاتە مەپرسەوە خاتوون**

**پاییزە...**

# من و شار

**قەت نوختە لە کۆتایی دێڕ نایە**

**ئەو بەسەرهاتە**

**دیسان ؟**

**دیسان؟**

**ئەرێ درێژەی هەیە...**

# شاگەشکە

**لە سەختە ژیان**

**و بەستەڵەکی بێ تۆیی**

**بۆ دواجار و بۆ هەمیشە**

**ڕابردووی نیگام بەو بڵێسانە دەسپێرم**

**دەساون دەسووتێنن و بەر پا دەکەن....**

# کاتژمێر

خۆی لە نیگام دەخشێنێ

هێدی هێدی دەستاژۆم دەکا

پێمدا دێتە خوارێ...

لە [ ٠٠:٠٠ ]

چوار سیفر

دابەزین هەیە

ساتەکانی خۆشەویستی دەچرکێنن!

فێری بوورانەوەم

لە کارەساتی شەو و بێدەنگی

بەسەر دەستەکانتدا

کاتژمێر تێیدا دەچریکێنێ

لێوەکانم بەحورمەتی تاوتۆیی ویستەکانت دەتلیسێنەوە

شەڕابەی خۆشەویستی دەتکێنن ...

کاتژمێر [٠٠:٠٠]

و من لە تۆ دا دەعەجمێم ...

مەلەوانی زانای عیشقم بە!

چرکەکان بوورانەوە.

# وێنەکانم بنێژە!

**مەودای پێ مەسڕە**

**چیتر**

**ژیان بە کاتی ئێوارەکانی پڕ لە...**

**هەنارە سپییەکان**

**مردوون**

**م...ر...د...و...ووو**

# ماچ لە لێوم دەترازێ...

[ئەو شێعرە جوابییەی شێعرێکی قاسم تاباک نووسراوە]

**ماچ لە لێوم گەمژانە دەترازێ**

**نیگا لە چاوانم نەزان هەڵدەخلیسکێ**

**ئاگر لە جەستەم و تۆنی غەریبی لە**

**گەرووم دا دەتچڕن**

**جوگرافیای تەنیاییم مەداری ...**

**نازانم**

**ڕەنگە هەزار دەرەجە!**

**هاتووم    فێری ئەلفوبێی ژیان**

**و گرامێری شێتی بم !**

**چەند بێتاوانن ماچەکان**

**چارشێو بەسەر دەبووڕێنەوە!**

**لێم دەڕوێن لق‌وپۆپ**

**ناااااا   هەموو دەستن   دەمرن.**

**لێرە وڵاتێکی کاولم**

**سەرای نەزانی و نەفامێنم           بێ تام و چێژ!**

**ئەوەی لە باخەڵ و بەرمووروم هەشارە**

**دڵتە!**

**تۆ هەر بچرە...**

**ئەوە سەر و سەودایەک     کردم**

**پەشیمانی دڵ دۆڕانە**

**کچێ بابان وێران ڕەببی لە خوێنی خۆی گەوزێ**

**ڕەببی ژیان کوێر بێ**

و وەجاخ سارد

[دەرگام لێبکەوە هێلیا]

دەڵێن تۆ ئیمانت بە کارەساتی سەفەرە؟      ڕوودارم  کە

پڕم لە جندۆکە  بیست و پێنجی مانگە هێلیا

لێم دەرکە!

فێرم کە

فێری سەفەری بێ گەڕانەوە

قاقا لە پشت سەری مردوو

کە چاو بڕێژم   زوڵفم پەخشانەوپەخشان     بێ

مامە سووڕە گێژم مەکە

دەرگاکە پێوەدە

باوەشت بکەوە

گێژ بووم گێژ بووم بمگرەوە

**فێرم کە هێلیا   لە چرا سوورەکان   قەف ببینم خەریکە**

**تلاوتل کارەسات دەخۆم**

**فێرم کە  فێری سەفەری بێ هاتنەوە**

**دەستم ڕاوەشێنە ماڵئاوا...**

**سەبرێک بگرە**

**دێمەوە هێلیا دێمەوە**

# ئاااای خەو

**شەو ڕاخووشی**

**لە پشت دەرگای ئینتزارت**

**کراسی خەو دادەدڕم**

**لە ئامێزی بێ گوڕ و تینی ناسکنێم! ئەستێرەکان بە**

**جریواندن لە خەو دەبنەوە چاویان بەخۆر دەشۆن**

**لە لێواری  کازیوە**

**هێشتا هەنیسکی**

**بێ خەوی دەدەم**

**ئاااای خەو!!**

# بە زمانی "با"

هاااا...هووووو..

بە ئاڵۆزییەکی تا هەتایی!

شەقامەکانی چۆڵی شار

ئەو ئێوارانەی لێو ڕێژی دووپاتن

یەک دوو سێ ... هەزار و یەک ئێوارە

حیسابی هەموویانم لە دەست دەرچوو.

تۆ نەهاتی و من هاتم

ئەوەندەی کە خۆم لە بیر کرد!

"با"ت بە گژ چی بیرەوەریمە ئاڵۆز و من

**هەر دەهاتم**

**دەی خۆ من گوڵە بەڕۆژە نیم سەرم لە هەتاو گرێ بدەی!**

**هاااای هووویەکە لە ناخم دا**

**ئەگەر بکرێ خۆم بەراوەژوو دەنووسمەوە**

**بە دەلاقەی ڕووخاوی تەنیاییم دا**

**گومان مەکە من پەردەکانیشم  کێشاون**

**ئەوەندەت هات و چوونم دی کە گێژم.**

**قەرەباڵغی تەنیاییە و**

**هات و نەهاتی تۆ،**

**ڕەنگە منیش چیتر نەهاتم..**

# پاییزێکی داخراوە

**دەرگای خەم دادەخەم**

**ساڵەها پاییزە ژیان**

**ژیانەوەم ئازارێکە پڕ بە پێستی نەهامەتیم**

**دەرگای پاییز دادەخەم**

**بیرەوەرێک بارگە و بنەی لە ناخ چۆڵە پێچی خۆڵە مێشینی**

**مێشکم**

**داناوە...**

**من چیتر نە پاییزە دەچرِم و نە سارد دەژەنم**

**من ئیتر نە شەختە دەمئەنگێوێ و**

**نە زستان سپیم پێ دەپۆشێ**

**تەواوت دەکەم     حوکمت پێ دەدەم**

**ئەوە دوا بڕیارە**

**بیرەوەریەکانم لە دوور وڵاتی ئاڕشیڤ دەنێژم**

**بۆ ئەبەد**

**بۆ هەمیشە!**

# خەم

**باران و کورسییەکەی سەر شەقام**

**و چۆڵ پەڕەستی و**

**مـــــــن و بۆنی نامۆیی ژیان**

**ژنێک لە نێوان**

**فرمێسک و خەم!**

# واژۆ

**بە سروەی بەر بەیان بڵێن**

**کەسێک بوێر بێ و**

**چراکانی ئاسمان خامۆش کات**

**ئەمن...**

**نامەی خنکانی شەو**

**واژۆ دەکەم!**

# دیدار

**دەزانی ئەوڕۆکە بۆچی**

**وا بە پەلە هاتم بۆ لات؟**

**تا ڕۆژێک نەبیسم بڵێی:**

**ئەو کاتانە تۆم لە بیرە**

**کە دڵتەنگم**

**دەزانی بۆ بە پێکەنین**

**سەیرم کردی؟**

**تا نەبیسم**

**ڕۆژێک بڵێی:**

**بە گریان بێزارم کردی**

**دەزانی بۆ زوو ڕۆییشتم**

**نەمام زیاتر بە لاتەوە؟**

**چونکە دڵم بێ شەرم بوو**

**ترسام پەردە هەڵداتەوە!**

# من و تۆ

[پێشکەش بە هاوڕێی هەمیشەییم حمێڕا]

**من و تۆ**

**دوو شەپۆلی کەنارگرتووین**

**دوو گوڵین لە ئێنجانەیەکی چڕژ بردوو**

**نەمامێکین بە خێزەران لکاوین**

**من و تۆ**

**دوو ئاوێنەی خاش کراوی**

**دوای زەماوەندین**

**من و تۆۆۆۆ**

**تۆنی نۆتێکی ژەنگ هەڵگرتووین**

**سەری خۆی بە ناسکە تیلێکەوە گرێ بدا**

**من وتۆ هاواری ڕووبارێکین**

**من چەند سیروان بم!**

**تۆ هەزار جارە شەهیدی لەناخم**

**من چەندە سیروان بم خاتوون چەندە؟**

**تەرمی پاکت  چۆن خستۆتە ئامێزی منی**

**شەکەت؟!**

# ڕۆژی خۆشەویستی

لە گەڕی ڕەشبەڵەک ناسازێم

بانگم دێڵێ: چارۆکێ و چارۆکێ ئەمان لێیداوە چارۆکێ..

دەگەڵ یار قەولم بەست بەجووت ساز بین بۆ مندۆکێ

من وبەرهەڵبێنەکەم، بۆنی شەنگە بیزا

و مەندۆک با بڕزێتەوە جێژوانێک لەدیار کەس نەزانان

بە مەودای دوو دەستەکانت جیهانم پێ بسپێرە

تکایە لێرە دنیا ڕاگرن دوو کاتم بەمێخەک دەچرکێن

چش لە داکەندنی وەرزێکی تەمەن  چش لە سیس بوونی

گەڵای دووایین درەخت  چش لەو ڕووبارەی

**جار نا جارێ**

**شەونمێک دەبەخشێتە سەر ژوانی تۆپە گوڵێک**

**چش لە ئێوارە داهاتێکی بەناکاو**

**چش لە پەنجەی کازیوە**

**چش**

**چش**

**چش ...**

# پیرۆزترین نزام

**هەراسان هەڵدەخلیسکێمە نێو وشەکان**

**بیانووی هەڵواسراوی هەر دێڕێکم نیگای**

**لە ناکاوتە**

**خوایە لێرە بزری کەی!**

# یاسای بێ خەوی

**ئەم شەو حەز ناکەم بیانژمێرم**

**یاساکەم دەگۆڕم**

**لە خەویان کەم ئەستێرەکان!؟**

# درێژترین شێعر بۆخۆم!

**تەنیاییم ژان دەچڕێ**

**و**

**خۆم تەنیا ژەنیارم!**

# دەسنوێژ

**کێ بە ماچێ دەسنوێژی گرتووە؟**

**فێرە ماچت بووم و ڕووگەم تێکچووە!**

# تۆ

**درێژترین قەسیدەی**

**لە قووڵایی زامەکانم**

**دەتهۆنمەوە!**

# ڕۆژووی بێدەنگیت

**ڕۆژووی بێدەنگیت ناشکێ**

**مەسیحت لە کام بێشکە**

**گڕوگاڵێتی مریەمێ؟!!**

# زویر بە

**لە خۆر زویر بە**

**سێبەرەکان کەم دەکات**

**با نەزانێ**

**پاڵم بە دیواری هەبوونت!**

# ئارام بدوێ

**لە گەڵم ئارام بدوێ**

**تەواوی زستان**

**سەتڵێک ڕەنگی سەوز و**

**منێکی دەوێ!**

# هەسارەیەك لە ترپەی دڵ

هەڵم بەستووە

هەسارەیەک لە ترپەی دڵ

تاسەی لێو

ویستی نیگا

پەرژینە بۆت لە گوڵ و ڕێحانە

# خۆشەویستی

**خۆشەویستی یەک وشەیە**

**ئەوە مانای**

**هەموو تێکەڵیمە!**

# ماڵئاویی

**لە دوا وێستگەی چاوەڕوانیت**

**هاتمە خوارێ**

**ئەوە تۆ و جانتایەک پڕ لە بیرەوەری**

**ماڵ ئاوا!!**

# دوورەپەرێز

زۆریش دوورەپەرێز بم

تەنیایی و فرمێسکی بێ تۆییەکانم

کەم و درێژایی یادەکانت

کورت نابنەوە!

# خەمسارد

**هەمووی ژیانم وەرزێکە**

**لە دوو حاڵدا**

**بیر لە تۆ بکەمەوە و**

**سەرشێتانە بەفرم خۆش بوێ!**

# پیاسەکانم

**لە پیاسەی دڵتەنگیم**

**شەقام کەم دێنێ**

**شاااااار!**

# دۆڕان

**لە دەلاقەی شکاوی نیگا**

**لێم وەرگرە !!**

**نهێنی‌ترین دۆڕانی دڵم...**

# وێرانی

**بنوارە وێرانیم**

**لە چاوێکدا**

**کە ئامـــــــێزی پێدا گرتم**

# بۆ بابم

**داری بەری نیم  لق و پۆپم سێبەرت بۆ داتاشێ**

**شەقەشەقی ئەژنۆ شکاوەکانم نەتلەرزێنی ترسی خۆڕاگریم**

**نەماوە!**

**پێ هەڵدەگرم!**

# بیانوو

**بیانوو دەگرێ وەک ئەو سێوەی**

**بەربوونەوەی لە پاییز دەزانێ**

**دڵـــــــم**

# شێعرێکی بە ڕۆژ بۆخۆم !

تاااااااسەکاااااانم

کولانەوە!

# ئێش

**نیگام پاییزە**

**وەرینی دێشێ!**

# تاسە

لە ئاسۆی ڕوون دەڕوانم

مەودا دەبڕم

چەنێ دوور

جارێکی‌تر بەس دیدارت!

# پێوانە یەك...

**پێوانەیەک بە باڵای وەرزەکان بپێوە**

**هەگبەی پاییزم بەشەم بڕازێنەوە**

**ساڵەهایـــــە بێ چرام!**

# خولیا

**ساڵەهایە خولیای خەیاڵێک**

**لە مێشکمدا تەون دەچنێ ودەچنێ**

**قەت نایبڕێ!؟**

# شەو

**ئارامترین پەناگایە**

**یان؟**

**باشترین بیانوویە**

**بۆ خزانە ناو**

**مردن!!**

# دیاری

**گەر بۆ سەفەرت فرمێسکم دیاری نەبێ**

**ئاو دەڕێژم لە پشت سەرت**

**بسم الله...**

**ڕووناکایی هاودەمت بێ!**

# شیعر و ویستی دایکم

**"لەماڵانت بێنمەوە، لە کوڕانت بستێنمەوە!"**

**کوڕە گەڕیدەی کۆڵان و ماڵان**

**هۆۆۆی!**

**چیتر لە خۆمم مەستێنەوە.**

# پەل مەکوتە

له ڕێگا ڕا ناگەم بە تۆ

دەستت بخە سەر سینگت

پەل مەکوتە

ئەو بێ ئوقرە؟

منم!